

# چیرۆکی چۆلەکە

چیرۆک: فۆلکلۆر

هەبوو نەبوو چۆلەکەیەکی گچکۆکە و جوانکیلە و رەنگین هەبوو. رۆژێکییان کاتێ کە لە سەر دارێک نیشتەوە ئەستریەکی لە پێ راچوو، چەندی کردی نەیتوانی ئەستربیەکە دەربێنێ..، پێی ئێشا و دەستی بەگریان کرد.


لەولاوە پیرەژنێک کە خەریکی کولێرە کردن بوو گوێی لە گریانی چۆلەکەکە بوو.، بانگی کرد.. «چۆلەکە جوانەکە .. بۆچی ئەگری؟» چۆلەکەش گوتی: «ئەستربیەک چۆتە پێم و ناتوانم دەرییبێنم و پێم دێشێنێ»

پیرەژنەکە گوتی وەرە لای من .. تا ئەستربیەکەت لە پێ دەربێنم.

چۆلەکە فرپیە سەردەستی پیرەژنەکە و .. ئەویش ئەستربیەکەی هێنا دەر و هاوێشتیە ناو ئەو تەندورەی کە کولێرەکانی پێ ئەکردن، دوای ئەوەی چۆلەکەکە ئازاری نەما.. بە پیرەژنەکەی وت «کوا ئەستربیەکەم ؟!» پیرەژنەکەش وتی: «هاویشتمە ناو ئاگری تەندورەکە» چۆلەکە خۆی بەعاردی دادا و وتی: «هەر ئێستا من ئەستربیەکەی خۆم ئەوێتەوە.. بۆچی فرێتدایە ناو تەندورەکە؟» پیرەژنەکە چەندی کردی و کۆشا.. بێ سوود بوو.. چۆلەکەکە ئارامی نەئەگرت..، ئەیگوت یان ئەستربیەکەم لە ناو ئاگر ئەهێنیە دەر، یان حەوت نانانم ئەدەیتێ، پیرەژنەکەش ناچار بوو حەوت نانانی بداتێ.

چۆلەکەکەش حەوت نانەکەی هەڵگرتن و فری.





دوای ماوەیەک.. مێگەلە مەڕومالاتێکی دیت
کە لە هەوارێکدا لەوەڕییان ئەکرد، شوانەش لە بن
دارێک دانیشتبوو گەلا چروی بەشیری ئەخوارد.
چۆلەکەکە لای ئەو نیشتەوە و پێی وت: ‹شوانۆ ئەوە چ
گەلاچرون بەشیرەوە ئەیخۆیت؟ تۆ بۆچی نانی پێ ناخۆیت؟!›..
شوانیش گوتی: ‹من نانم نیە›..
چۆلەکەکە هەڵیدایێ: ‹من نانم هەیە.. هانێ بیخۆ›!
کە شوانەکە ئەو نانە گەرم و نەرمانەی دیتن.. لە برساندا
خۆی لە نانەکان کردو زۆر زوو هەر حەفت نانەکانی خواردن.
دوای ئەوە چۆلەکەکە دیتی شوانەکە هەر حەوت نانەکەی خواردن..،
دیسان خۆی بە عاردی دا داو بەگریانەوە گوتی: ‹بۆچی نانەکانی منت خوارد.. ها.. هەر ئێستا حەوت نانەکانی
خۆم ئەوێنەوە..، یان ئەبێت حەوت بەرانانم لە جیاتی نانەکانم بدەیتێ!›. شوان چەندی هێنا و بردی.. بێ سوود بوو..
چۆلەکە ئارام نەبۆوە..، ناچار حەوت بەرانی دانە چۆلەکەکە..، چۆلەکەش هەر حەوت بەرانەکەی بە پێش خۆ دان و ڕۆیشت.
دوای ماوەیەک نزیکی گوندێک بوو.. دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا ئەهات، چۆلەکەکە دیتی گەورە و بچووکی گوند شایی
ئەکەن..، لەولاوەش هەندێک ژن خواردنێکی بێ سەروبەر حازر ئەکەن. چۆلەکە فڕییە لایان و وتی:
‹ئەوە چ خواردنێکە ئێوە ئەیدەنە ئەو خەڵکە..؟ ما ئەوە خواردنی شایی و شایی گێڕانە؟!›..
ژنەکانیش وتیان: ‹ئێمە چ بکەین.. چ مەڕ و مالاتمان نیە بیانکوژینەوە و بیاندەینە خەڵکی›.



چۆڵەکەکە وتی: «ئەوە هەر حەوت بەرانەکانی من.. فەرموون سەریان ببڕن».

پیاوەکـان هەر وێ گـاوێ هاتن و هەر حەوت بەرانەکـانیـان کوشتنەوە و کەوڵیان کردن و قەدقەدیان کردن و خاوێنکرانەوە و خستیانە مەنجەڵ و گەیشتنە سەر ئاگری.

بۆ دەمی نیوەڕۆ خواردن حازر بوو و خەڵکیش لێیاندە لەگۆشت بەرانی؟! کە چۆڵەکەکە دیتی گۆشتی هەر حەوت بەرانەکان خوران خۆی بە عاردی دادا و دەستی بەگریان کردەوە و وتی: «یان هەر حەوت بەرانەکانم ئەدەنەوە یان لە جیاتی بەرانەکانم بووکم ئەدەنێ؟!». هەندی خەڵکی گوندی لە گەڵیان کرد و هاتن و چوون و قسـەیان کـرد.. بێ سوود بوو.. دوایی ناچار بوون بووکی بدەنێ!

چۆڵەکەکە دەستی بووکی گرت و لەگوندی ئاوابوو.. دوای ماوەیەکی درێژ رۆیشتن.. چاوی وە کابرایەک کەوت.. دیتی دەف لێئەدات... فڕییە لای کابراو پێی وت: «ئەم دەفەیەم نادەیێ ئەگەر ئەو بووکەت بدەمێ؟!».

کابرا هەر زوو بووکەکەی لە چۆڵەکەکە وەرگرت و دەفەکەی خۆی دایێ.

چۆڵەکەش دەفەکەی هەڵگرت و فڕییە سەر دارێک و دەستی بەدەف لێدان کرد:



